کۆچی دووایی پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەن پور ١٩٤٣ – ٢٠١٧

ئەمڕۆ ٢٤/٦/٢٠١٧ کاتژمێر ٦ی بەیانی بە کاتی تەرەنتە کۆمەڵایەتی هۆشنبیر و کۆمۆنیست پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەن پور بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین.
پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەن پور کۆمەڵایەتییەکی ناسراوی نەوەندی ئەکادیمیایە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا. خاوەنی دیان نووسین و تۆژینەوەیە لە بوارەکانی زمان و جینۆساید و مێژوودا. کۆمەڵایەتییەک ئەگەر تەمەن و تەندروستی هەیان دابایە زۆر شتی تری دەخستە سەر خەرمانەی ئەکادیمیایی کوردی.
دکتۆر ئەمیر کۆمەڵایەتییەکی دامەزراو بوو لە هووی فیکرەوە و هەڵگری بیرو باوەڕی کۆمۆنیستی بوو. هەموو ئەو گەڕانکاری و بەسەر یەکتدا کەوتنەی بناو بڵەکی کۆمۆنیستی و هەراو زەنای مەرگی کۆمۆنیزم نەیانتوانی کاریگەری نەگەتیفانە دابنێت لەسەر زهنیەتی ئەم ئینسانە.
دکتۆر ئەمیر لە دووەین قسەو باسکانیدا لە دوو ساڵی تەواو پێش ئێستادا لە سیمنارێکدا لە شاری تەرەنتە کە وەکوو ناوەندی کەلتوری کوردستانیانی کەنەدا بەیمان سازکرد بوو، زۆر هەڵشن پێداگری لەسەر حەقانیەتی دونیای سۆشیالیزم دەکرد و بە تاکە چارەسەری دەبینی بە نەهامەتکانی ئەمڕۆی دونیا. شایانی باسە لەو سیمنارەدا پشتیوانی تەواوی خەڵکی دەربەری بە ئەزمونی کوردستانی هەژئاوا.
لەڕەوە وەکوو دەنگەکان پرسەو سەرخۆشی خەمان بە هەموو ئەوکەسانە ڕادەگەیەنین کە هەواڵی مەرگی دکتۆر ئەمیر دەتەنگی کردن.

لێرەدا لینکی نووسینەکی دکتۆر ئەمیر دادەنێن کە نە ساڵ پێش ئێستا لە دەنگەکاندا بڵاوی کردەتەوە:

https://dengekan.info/%D9%87%D9%87-%D9%84%D9%87-%D8%A8%D8%AC%D9%87-%D8%AF%D9%88%D8%A7%DB%8C-%D8%A8%DB%8C%D8%B3%D8%AA-%D8%B3%D8%A7%DA%B5%D8%A7%D9%86-%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D9%88%D9%87-/%DA%A9-q

یادت بەرزو بەڕێز بێت

دەنگەکان
24/6/2017

ڕاگەردان و ڕگەکانی ژەهر دوو کتێب و یەک ئەزموون … ئاراس وەهاب

ڕاگەردان و ڕگەکانی ژەهر دوو کتێبی تری (کاروان عومەر کاکەسوور)ن، کە ئەمساڵ (ناوەندی غەزەلنووس) چاپی کردوون. یەکەمیان لە کۆمەڵێک تێکستی چیرۆک و شیعر پێک هاتووە، بەڵام تێکستێکی شانۆیی لە خۆی دەگرێت. وەک زۆربەی بەرهەمەکانی پێشووی لەمەیەشیاندا چەند گوتەیەکی وەک دەستپێک داناوە، کە زیاتر سیمای چیرۆکی کورتیان هەیە. بۆ نموونە نووسیویەتی: (من خاوەنی دوو کێلەم، یەکێکیان ناوی (چاکە) و ئەوەی دیکەیان ناوی (خراپە)یە. باوەڕ دەکەم ئێستا بزانیت ئەوە منم ئەوان هەڵدەسووڕێنم، نەوەک بە پێچەوانەوە. ئێگەرچی نەتۆوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (1949)وە یاسای قەدەغەکردنی کێلایەتیی دەر کردووە، بەڵام گوێ بەو یاسایە نادەم و کێلەکانم ئازاد ناکەم).

چیرۆکەکان هەندێکیان زۆر کورتن وەک (کۆترباز)، (شەقلیپەقلییەکان) و (چوار گریمان دابنێ)، بەڵام هەیشیانە زۆر دریژە، ئەگەر نەڵێم ڕۆمانە وەک (چیرۆکی کۆەکەچەڵ نا، هیی کۆەقژدرێژ) و (گێشتی خاو).
پێشەکییەکی درێژیشی بۆ کتێبەکە نووسیوە. پێشەکییەکە لانی کەم جووتێ ئەرک لە ئەستۆ دەگرێت، یەکەم، ئەرکی بایۆگرافی. واتە نووسەر چۆن ئاشنایەتیی لەگەڵ خوێندنەوەدا پەیدا کردووە، چ کتێبێک کاری کردووەتە سەری، دەوروبەرەکەی چ ڕۆڵێکیان لە پێگەیاندنیدا هەبووە، کەی دەستی داوەتە نووسین و شتی تری لەم بابەتە، بەڵام لە شێوەی یاداشتدا نووسیویەتی و هەوڵی داوە گۆڕانەوەکە چێژ ببەخشێت. هەروەها هێنانەوەی نموونەی ئەو شیعرە سادانەی لە گەڕەک و قوتابخانەدا هەڵیبەستوون. ئەو نوکتانەیش، کە لەسەر خەڵکی گەڕەک و

هاوڕێکانیدا دروستی کردوون. زۆربەیان کۆمیدین و تەعبیرن لە هەستی هەرزەکارێک لە ئاستی دەوروبەریدا. ئەرکی دووەمی پێشەکییەکە پێشاندانی دیدگەی نووسەرە بۆ چەمکە ئەدەبییەکان. شێوە و ناوەرۆک، تەکنیک و شێوازەکانی گێڕانەوە لەم ڕووەوە قسەیان لێوە کراوە. هەروەها باسکردنی ئەو کتێبانەی لەو سەردەمەدا خوێندوونیەتیەوە و کاریگەرییان لەو دیدگەیەی کردووە. لەو پێشەکییەدا جیاوازیی نێوان سڵەمانی و هەولێر لە ڕووی سیسیۆلۆجییەوە پێشان دراوە. خوێندنەوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو دوو شارە، بۆیە مەبەستمە لەسەری بوەستم.

لە شوێنێکدا دەنووسێت: (دوور لە خواستی خۆم لە هەولێر لە دایک بووم، بەڵام بە ویستی خۆم چوومە سلێمانی، بۆیە هەردووکیان ئابووردووی منن و شانازییان پێوە ناکەم، بگرە دەموەت مێتافیزیکییانە تێکیان بشکێنم)، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر زوو جیاوازیی نێوان ئەو دوو شارەی هەست پێ کردووە: (خۆکی سلێمانی پێت دەڵێن: مەیەرە شارەکەم، لە ماڵەکەماندا چی دەکەیت، بیکە، لە کاتێکدا هەولێریەکان پێت دەڵێن: لە ماڵەکەم نزیک مەبەرەوە، بەڵام شارەکە بۆ خۆت!). دەگاتە ئەوەی بنووسێت: (هەموو ئێوانێی دەچنە هەولێر، خۆرا ئێویان بۆ دەردەکەوێت، کە لەو شارەدا نێک نامە نین، بەڵکوو دەکرێت خێیان ببنە خاوەنی، بەڵام لەڕەدا شتێک نابینن، ئێویش ئێویە، کە ئەمە نیشانەی کرانەوە نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە نیشانەی داخراویە. هەر تاک و گرووپێکی دەڕەوە دەتوانێت ببێتە بەڵەوبەری ئەو شارە، بۆ ئێوەی نێک هەر ڕووبەڵووی ناڕەزایی ببێتەوە، بەڵکوو وایش هەست بکات چاکەی گەورەی لەگەڵدا کردوون، بۆ چاوپۆشین لێوەی چەنی بۆ ڕەوە دەبات. هەر ئەمەیش وا دەکات لەو شارەدا ناڕەزایی نەبێت، یان کەم بێت، بۆتایبەتی لە دوای ئاپەینەوە، وردتر لەو کاتەوە کەس یاخییەکانی ئەو شارە ئاو نران و دەربەدەر کران. دەی، با ئەو تاک و گرووپانە لە ماڵەکەی نزیک ببنەوە، بزانن بۆ هەمان شێوە بەدەنگ دەبێت!). لەم ڕووەوە کەمەڵێک نهێنیی لەم شارانەدا دەزیوەتەوە، کە ئەنجام هەردووکیان بە داخراو دەزانێت.

نموونەی شاری کراوە لای (کاکەسوور) بەرلینە. (ئەمە دەتوانین بڵێین بەرلین شارێکی کراوەیە و لەسەر ئاستی جیهانیشدا وا ناسراوە. بۆیە دەتوانین ئەوە بە بەرلین بڵێین، چونکە بە ئاشکرا لە پشت ئەو کرانەوەیەدا هۆشیاریەکی گەورە دەبینین. لە بەرلیندا هەر بڕوون و هەستوکوتێک دەتوانێت ئازاد بێت، بەڵام ئایا لە هەولێردا وایە؟

ئەگەر بڕەهەمی کرانەوەیی بڕلین بە ووونی هەست پێ دەکەین، ئەدی کوا بڕەهەمی کرانەوەیی هەولێر؟). کەواتە نە سلێمانی شارێکی کراوەیە و نە هەولێریش، مادام بەرهەمی کرانەوەیان نییە. دەنووسێت: (هەولێریەکان ئاوای بیری لێ ناکەنەوە، دڕاوەی سنووری ماڵیانە، بەڵام ماڵی سلێمانی بۆ ئەندازەیێ داخراو نییە. لە بڕانبەردا ئەمەیش نیشانەی کرانەوەیی نییە، چونکە ئاوان پێچەوانەی بڕلینییەکان شارەکیان تەواو داخستووە، لە کاتێکدا ئاوای شار دادەزرێنێت و گۆشەی پێ دەدات، ئاوانێن لە دڕاوە ووی تێ دەکەن). تا دەگاتە ئەوەی بڵێت: (بەم شێوەیە هەولێری پاسوانی ماڵەکەیەتی، نەبادا یەکێ لەی نزیک ببێتەوە و سلێمانیی توند شارەکەی لێ باوەش گرتووە، نەوەکا بگانیەک بڕی بکەوێت و گەڵانی بەسەردا بهێنێت، چونکە ترسی گۆڕەی لەویە، بگرە دڕاوە بە ئاو فەیبیایە. دەتوانم بڵێم (شار) ماڵی سلێمانیی و (ماڵ) شاری هەولێریە.

لە هەردووکیاندا داخرانی کوشندە هەن، بەڵام بە دوو شێوازی جیاواز، کە ئەمە لای بەشێکی زۆری نووسەرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. سلێمانییەکی هێندەی بە شارەکەیدا هەڵدەڕێت، هێندە بە لای باسی ماڵەکەیدا ناچێت، لە کاتێکدا هەولێری وەک چۆن هەر ناوی شارەکەی ناهێنێت، هاوڕێی گۆڕەیش دەدات چێند بەی بکرێت قسە لەبارەی ماڵەکەیەوە نەکات). ئەگەر هەولێری بوونەوەرێکی سادەیە و کەم جووڵاوە، ئەوە سلێمانەیی زیاتر لەناو وەهمدا بزووا وە: (هەولێری زۆر کەم جووڵاوە و هەستی بە شار هەر نەکردووە، لە کاتێکدا نەشیویستووە هیچ لەبارەی ماڵەکەیەوە بڵێت، بگرە وەک گوترا هەمیشە هاوڕێی داوە بیشارێتەوە. بە مانایەکی دیکە هێندە پێویستی بۆە نەبووە چیرۆکیان بە هەڵبەستێت، بەیە بوونەوەرێکی کاڵ و سادەیە و بە شێوە سروشتیەکەی خۆی ماوەتەوە، بەڵام سلێمانیی گیردەی دەستی ئاو وەهمانەیە، کە بەردەوام لە ڕەگەی هەڵبەستنی چیرۆکەوە کەڵەکەی کردوون. هەولێری منداڵەکە، هەشتا نە زمانی گرتووە و نە پێ، بەڵام سلێمانیی تەمەنی پێنج شەش ساڵانە و چووەتە دەرەوە. ئاوای بیستوویەتی، تەنیا چیرۆکە). ئەو دوو شارە چۆن دەتوانن دۆخی ئێستای خۆیان تە بپەڕێنن؟ دەکرێت وەڵامەکەیمان هەر لەوێدا دەست بکەوێت: (لە سلێمانیدا کاتێ گەڵانکاری دەست پێ دەکات، کە ئاوان شارەکە وەک ماڵیان دۆخەنە سەر پشت و ئاو چیرۆکانەی بیستوویانن، وەک چیرۆک گوێ لێ دەگرن. بە مانایەکی دیکە بە ماڵ بگەڕێنەوە، بەڵام لە هەولێردا ئاو گەڵانکاریێ تەنیا بەوە دەتێ دی، کە دەرگە و پێنجەرەی تەکەمە و ئێستووری ماڵیان بشکێنن و بێنە دەرەوە).

بەشکی زۆری پێشەکییەکە بۆ ناسینەوەی خەسڵەتە سیمبۆلۆجییەکانی ئەم دوو شارە تەرخان کراوە، بۆیە بە پێویستم زانی ئەو چەند پەرەگرافەی لێ وەربگرم.

تێکستی شانۆییەکە (کراسی ئاهەنگەکان) لە شێوەی میلۆدرامادایە، بەڵام میلۆدرامایەکی جیاواز. کۆمکی گەنج مۆژووی ژیانی تێکشکاوی خۆی بۆ کراسێک دەگێڕێتەوە، کە دە ساڵ لەمەوبەر لە پیاوێکی دەوڵەمەندی دزیوە، بە مەرجێ کراسەکە تەعبیر لە ژنێک دەکات و بە دەنگەکی ژنانەیش دەدوێت. ئێتمسفێرکی ئیکزێتیکییانەی هەیە. لە ڕێگەی دایەگی نەوان کۆمک و کراسەکەیەوە تیشک دەخرێتە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سایکۆلۆجیی ئەو کۆمەڵگەیەدا هاتوون. هەڵگیرسانی شۆڕش و تێکشکانی، پەرتەوازەبوونی شۆڕشگێڕان و دەربەدەربوونی دانیشتووان بە هەمان شێوە ئاماژەیان پێ دراوە، کە جارێک وەک تراژیدیا و جارێک وەک کۆمیدیا خۆیان دەنوێنن.

ئەگەرچی شیعرەکان هەمان هێزی چیرۆکەکانیان نییە، کە (کاکەسوور) بەردەوام گوتوویەتی زوو وازی لە نووسینی شیعر هێناوە و خۆی بۆ ئەدەبی گۆڕانەوە تەرخان کردووە، بەڵام کاتێ ئەوە لە بەرچاو دەگرین هەستێکی ترمان لە بەرانبەریاندا دەبێت. لە هەندێکیاندا بە ڕوونی سیمای ئەدەبی گۆڕانەوە دەبینین وەک لە (مەرگی هاوسەرم)، (یاری لەگەڵ زەمەندا)، (دوو خوشک)، (قوتابخانەی خۆشەویستی) و یەک دووانێکی تردا دیارە. زمانی شیعرەکان ڕوونە، بەڵام مەبەستی بووە مانای قووڵ بە دەستەوە بدەن وەک لە (خۆکوشتن)دا بەرچاومان دەکەوێت:

چووم چەکێ بکڕم،
لە ڕێگە تۆم ناسی.
چەکەکەم بۆ ئەوە بوو خۆمی پێ بکوژم.
ئەوەی لە منتدا گڕی، دوو شت بوون:
ڕێگە و مانا،
بەڵام پلانەکە هەر وەک خۆیەتی.

بەشکی زۆری بەرهەمەکانی (ڕاگەردان) هیی پێش ڕاپەڕینن، بەڵام پێیاندا چووەتەوە و دەستکاریی کردوون، بەتایبەتی چیرۆکە درێژەکان، بۆیە ناوی (ڕاگەردان)ی لێ ناون، کە بە مانای دانانی شتێکە لە شوێنی شتێکی ونبوو، یان شکاودا.
هەرچی کتێبی، یان ڕێمانی (ڕێگەکانی ژەهر)ە لە هەشت بەش پێک دێت، کە هەر بەشەی چیرۆکێکی درێژە. خۆنەر دەتوانێت چیرۆکەکان هەم بە

جیاواز و هەم لەگەڵ ئەوانی تردا بخوێنێتەوە. واتە هەر چیرۆکێک سەربەخۆیە، بەڵام پێوەندییشی بەوانەی تردوە هەیە، بەتایبەتی بە چیرۆکی دوای خۆیەوە، کە ژەهر خاڵی هاوبەشی هەموویانە. لەوێشدا کۆمەڵێک گوتەی نووسیون و هەر هەموویان بە ژەهرەوە پێوەستن. ئەمە نموونەیەکیانە: (بۆ منداڵی وام دژانی ڕۆژێک لێ ڕۆژان بۆ ژەهر دەمرم. ئێستا گۆڕەم و پێکەنینم بۆ ئۆقرەی ئۆوسام دێت، نێک لەبەر ئۆوی بۆ ژەهر نامرم، بەکوو لەبەر ئۆوی نەمدژانی بۆ ژەهری ناوەوی خۆم دەمرم).

چەمکی ژەهر لە (ڕۆگەکانی ژەهر)دا تەنیا لایەنی کیماویی نییە، کە بەشێکی زۆری کارەکتەرەکان پێی مردوون، بەکوو لایەنێکی گرنگتری هەیە، کە ئینتلێجییە. واتە ژەهر دەبێتە پرسیاری فەلسەفی و دەچێتە ناو سیستەمی بیرکردنەوەوە. هەر کارەکتەرێک پرسیاری جیاوازی لەبارەی ژەهرەوە هەیە، کە ئەمە لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیدا ڕەنگ دەداتەوە. ژەهر دەشێ مانای پێوەندیی تاک بەوی تر بێت، دەشێ تەنیایی و گۆشەگیرییش بێت، ڕەنگە لە شێوەی غوربەتدا دەربکەوێت و لەوانەیە وەک چەپاندن (کبت) خۆی پێشان بدات. دووریش نییە ببێتە سڵکسوازێتی. بەگشتی ژەهر لە هەموو شوێنکدا هەیە، کە مرۆڤی لێیە، بەڵام هێندەی لە ناوەوەیە، لە دەرەوە نییە. لەبەر ئەوەیشە لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە. سەیر نییە ئەگەر هەموو کارەکتەرەکان کێشەی گەورەیان لەگەڵ زماندا هەبێت. ئاسان نییە تەعبیر لەو ژەهرەی ناوەوەیان بکەن، بۆیە بەدوای ڕۆگەی تری گەیاندندا دەگەڕێن. یەکێ لەو مەسەلانەی لەم ڕۆمانەدا وروژێنراوە، بەریەککەوتنی کەلتووری کوردی و کەلتووری ئەوروپاییە، کە شوێن لە چوار چیرۆکدا کوردستانە و هەندجار بەغدایشی تێ دەکەوێت، بەڵام لە چوار چیرۆکەکەی تردا ئەوروپایە، کە ئەمە مانا و ئاماژەی ژەهر قووڵتر دەکاتەوە. بەشێکی کارەکتەرەکان لە ئەوروپا زمان لە دەست دەدەن، بۆیە بە مەبەستی تەعبیرکردن پەنا بۆ ڕیگەی تر دەبەن وەک لە بەشی سێیەمدا دەیبینین، کە ناونیشانی (کۆیلەی پیتەکان)ی هەیە.

ئەزموونی (کاکەسوور) ئەزموونێکی تایبەتە لە بواری نووسیندا، بۆیە بەرهەمەکانی چەند لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە یەکتر جیاواز بن، دواجار هەموویان سەر بە یەک ئەزموونن. زۆر نین ئەو نووسەرانەی دەبنە خاوەنی ئەزموونی خۆیان. دەتوانین چەند خاڵێک دەستنیشان بکەین، کە وایان کردووە ئەزموونی (کاکەسوور) جیاواز و تایبەت بێت، یەکێکیان زمانە. بیستوپێنج ساڵە (کاکەسوور) دەناسم، کە لە یەکێ لە کەمپەکانی دانمارکدا یەکمان گرت و کتێب و خوێندنەوە و

نووسین لە یەکتری نزیک کردینەوە. شتێک زۆر لەنێوانماندا بووبێتە جێگەی گفتوگۆ، زمان بووە. زمان لای (کاکەسوور) تەنیا ڕێنووس، خاڵبەندی، وشەسازی و ڕستەسازی نییە، کە یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی کورد ئەوانە بە دروستی بە کار دەهێنن، بەڵکوو لەوەیش زیاترە. واتە پرسیاری (زمان چییە) لە سەرەتاوە جێگەی بایەخی ئەو نووسەرە بووە. لە گفتوگۆکانیدا بەردەوام جەختی لەسەر گرنگیی ئەو پرسیارە کردووەتەوە.و سەرجەم لینگویستیکی کردووەتە بواری لێکۆڵینەوە، نەوەک تەنیا بەشێکی دیاریکراوی زمان. بۆ نموونە لەو گفتوگۆیەدا، کە لەگەڵ ئەم و (بەختیار عەلی) لەژێر ناونیشانی (زمانی ڕۆژانە و زمانی نووسین لە ڕۆمان)دا کراوە، بە ڕوونی تێگەیشتنی جیاوازی ئەم لەو بوارەدا هەست پێ دەکەین.

لە پاشکۆتی موچۆوە بۆ پاشکۆتی ئاکامی ریفراندم .... عەبدوڵا مەحمود

abdulla.mahmud@gmail.com

لە دنیای هاوچەرخدا، هیچ هیزو حزب و دەسەڵات و وڵاتێک نادەزینەوە، بە ئەندازەی دەسەڵاتی بەرژوازی کورد و حزبەکانی دەهێنانی نامە بکەن... دەهێنان نە بە خزمەتی هاوڵاتیان و پرسە گرنگەکانی خەڵکی کوردستان و گرتنە بەری ڕێگایەک کە لایەک لەخەڵکی ستەم دیدە و برسیکراو و قەرزدارکراو و بێئیرادەکراوی کوردستان بکات... هەموو دەهێنانەکانیان، لە درێژەی سیاسەتی پاراستنی دەسەڵات و بێئیرادەکردنی خەڵکی کوردستان و بە بەها کردنی، هەموو پرسە گرنگەکانی دنیای هاوچەرخە...
موچەی کارمەندان و موچەخۆران... کە لەهەموو شوێنکی دنیادا، تەنها بەشکە ناچیزە لە فرەشتنی هەزی کار... ئەوا لەکوردستان ئەم موچەیە زۆر لەوەش کەمترە کە لەوڵاتانی تری دنیادا، دەدرێت بە فرمانبەران و کرێکاران. لەزوربەی هەرێزی دنیادا، موچە بەپێی لانی کەمی بژێچوونی ژیان دادەنرێت... لەکوردستان دیاریکردنی موچە

بەپێی مزاجی دەسەڵات و بنەماڵەی حزبی بریاری لەدەرەت و پەودانگەک لە ئارادا نییە، تا بڵێ بەرچاوگرتنی بازار و پەداویستی لانی کەمی بەیوچوونی ژیانی هاوڵاتیان، بری موچە دیاری بکات و بەپێی چونە سەری نرخی کاڵاکان و چاوەروانیکانی ئینسان و زەر بوونی پەداویستیکان موچە بەرز بکاتەوە، نەک هەر ئەوە بە گویدانە هیچ پرانسیب و بە لەبەرچاوگرتنی ئاکامی هەنگاوی دژە ئینسانیان، موچەی زوربەی زەری موچەخەران و کارمەندانی کوردستانیان کردووە بە نیوەو چارەکە موچەو گوایە بەهەی قیرانی دارایین، موچەی هاوڵاتیان پاشکەوت دەکات و دواتر بڵیان دەگەڕێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە فرێشتنی نەوت لەرفی دەت و خەڵکی کوردستان لەسەر دەریایەک لە نەوت و سامانی سروشتین. وە لەکاتێکدایە کە بەپێی چەندین سەرچاوەیی میدیایی داهاتی بەشێک لە بەرپرسانی هەردوو حزبی دەسەڵات بەدەست لە کوردستاندا، بە سەدان ملیۆن دۆلارە.

بەڵێ ئەم حزبانە لەژێر ناوی پاشکەوتی موچەدا، و بڕینی موچەکان بە نیوەو کەمتریش دەستیان ناوەتە بینەقاقای هەرزەری خەڵکی کوردستان، دەخێکیان لە برسێتی و هەژاری خوەقاندووە، کە نمونەکەی لە دنیای هاوچەرخدا کەم وێنەیە، ئەوە لەپاڵ گرانی بازارو بێکاریی و نەبوونی سەرچاوەیی داهاتیترین خزمەتگوزارییەکان.
وا ماوەیەکیش شەپوری وەرێخستنی ریفراندەم لەدەڵن و بەتایبەتی پارتی رای گەیاندووە کە ئەمسا ریفراندەم بە پرسی جیابوونەوەی کوردستان وەردەخن. یەکێتی و زوربەی حزبەکانیتریش چونەتە پشتی ئەم بانگشەیە. دیارە بەو هەیەوە پرسی جیابوونەوەو خوونی پێکهاتنی دەوڵەت، خولیاو ویستێکی بڕینی جەماوەرییە، سەرئەنجام هەموو حزب و رێکخراوەکانی ناو خانەوادەی بەرژوازی کورد" بە قەومی و دینییەوە" دەچنە پشتی. بەتایبەتیش لە ئێستادا کە مەسەلەی هەبژاردنەکان لەپێشە، پشتکردنە بانگشەو نەخشەی ریفراندەم بە هەموو حزبەکانی تر خەکوژیی سیاسیە لە بەرامبەر بە پێداگری پارتی بە ریفراندەم.

ئەوەی جیگای لەرامان و هەوڵستێیە، ئەوەیە کە پارتی ریفراندەمی بە جیابوونەوە لەئیستادا ناوەت و دیەوەت ئاکامی ریفراندەم و دەنگی هاوڵاتیان، وەکو موچە پاشکەوت بکات و وەکو دەسێیەکی تر... بەدەستێوە دەگرێت بە ململانێی لەگەڵ ناوەند، بەتایبەتیش لە هەلومەرجی ئیستادا، کە شەر و کەتاییهەنان بە توانایی سەربازی داعش لە کەتایدایە. ئەم مەسەلەیە کارت و هەوڵکی لەپێشدا دراو و پێشگیرانەیە... بە سیاسەتکانی عەبادی و ئامادکارییە بە

رووبەرووبوونەوەی ئەو دەستپێشخەریانەی بەهای شاری داعشەوە، هەڵپەسێردرابوون. لە پرسی پێشمەرگەوە بۆ سنور و ناوچە کێشەلەسەرەکان، لە مادەی ١٤٠ وە بۆ یاسای نەوت و غاز، لە مەسەلەی بودجەوە بۆ سەرژمێری و تادەگاتە ململانێ لەسەر پێست و بڕیاری سیاسی لە بەغدادا.

ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ریفراندەم مەرج نییە بۆ جیابوونەوە بێت، گەورەترین سوکایەتییە بە دەنگی هاواتیان و بڕیاریان لە ریفراندەمدا. ریفراندەم پرانسیبی گرانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی تا پرسێک و مەسەلە و دەستپێکی تایبەت، بەڵێکدا بخات و هاواتیان تیایدا بشێک بن لەو بڕیارەی کە دەیدەن. کەچی پارتی و حزبەکانی تر، دەیانەوە ئەم پرانسیبەش بشێوێنن و بیکەنە پرسێکی حزبی و بە دەستکەوتی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو پێشێلکردنی ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستان. یانی دەیانەوە ریفراندەم بکەنە بشێک لە پرۆسەی ساتوسەودا لەگەڵ بەغداد و دایبماڵن لە ناوەڕۆکی واقعی خۆی. پارتی و حزبەکانی بەرژوازی کورد دەیانەوە ئاکامی ریفراندەم، کە دەزانن بە بڕێکی زۆرەوە تەواو دەبێت بە جیابوونەوە، دەیانەوە وەکو دەستپێکێک بیبڕن بۆ بەغدا و بڵێین ئەمە ئاکامی ریفراندەمەکەمانە. خەڵکی کوردستان بە دەنگی زۆربەی ڕەها داوای جیابوونەوە دەکەن، بەڵام ئەمە بەقسەیان ناکەین و ئەوە هەندەبژێرین. ئەوەش دەبێ لە بڕامبەر وەستانەوەی ئیمە بڕووی ئیرادەی زۆربەی خەڵکی کوردستاندا، پاداشتمان بکەن. هەمان دەستپێشخەری دەبێن بۆ تورکیاو ئێرانیش. نیشانی دەستێ ئەوروپی و ئیدارەی ئەمریکای ئەدەن کە هەشتا یەکپارچەیی خاکی عێراق دەپارێزن و گوێ بە دەنگی خەڵکی کوردستان نادەن... و لە بڕامبەردا سوالی سیاسی و دارایی دەخەنە بەردەمیان.

پاشکەوتی و موچە و ئەستاش نەخشە چنین بۆ پاشکەوتی ئاکامی ریفراندەم، بەمانای وەرانکردنی کوردستانە. لەڕگای پاشکەوتی موچەوە، دەخێ ئابووری خەڵکی کوردسان و پرسی نانیان کردەتە دیوەزمەی سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و دەیانەوە بەمامەڵە بەپرسی خەڵکی کوردستانیشەوە، و بە پاشکەوتی ئاکامی ریفراندەم، پرسی خەڵکی کوردستان وەکو پرسێک کە دەبێ بەبڕیاری خەڵکی کوردستان و بە هەندگرتنی ئیرادەی سیاسی و حقوقیان بۆ شوێنی شیاوی خۆی بگات و سەرئەنجام کوردستان لە عێراقی ئیسلامی و عروبی جیابێتەوە، دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێک بێت... بکەنە بەردەبازێک بۆ قایمکردنی دەسەڵاتی خۆیان و کردنی بە کایەیەک بۆ سات و سەودا.

ئەم دەستەواتە... پرسی ئازادی لە ژێر ناوی مقدەساتێ دینی و قەومی و کەلتووری و نیشتیمانی و نەتەوەیی و سەرکردەو رەمزەکان و ژێر پێخستوو ژێر پێ دەخات. بە دزی و تاڵانی و برسیکردن و پاشکەوتی موچە. پرسی نانی کردەتە پرسی مانەوەی فیزیکی ژیان. پرسی ئایندەی خەڵکی کوردستان و سەربەخۆیش کە کێشەیەکی سیاسی و حقوقی و واقعی و میژووی و ناوچەیی ئەم سەردەمەیە، دەیانەوێت بیکەنە کاریکاتێرو تەیریکی نامۆ. خەڵکی کوردستان پێویستە لەبەرامبەر بەم سیاسەتی برسیکردن و سەرکوتی ئازادی و کایە کردن بە پرسی خەڵکی کوردستان و ریفراندەمەوە بە پلاتفۆرم و پاکیجی تایبەتەوە بنێ مەیدان و ئەم دەستەواتە لەڕێگای تێکوشان بە پاکیجی خەیان، لەسەر ژیان و گوزەرانی خەیان وڵاتمان و وەتامی کارسازو ئینسانی دروستی خەیان بە هەرکام لە پرسی ئازادی و نان و دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردستان و شیوازی بەڕێوەبرنی کەمپەگا... بخەنە روو. دیارە ئەمش بەبێ سنوربەندی ڕەشن و هەمەلایەنە لەگەڵ ئاسەی ناسیونالیزمی کورد، لەتوانادا نییە. پێویستە ئاسەی سۆسیالیستی و کەمۆنیستی و نەریتەکانی ئەم ڕووتە لەخەبات لەدژی نیزامی سەرمایەداری و دەستەواتی پارێزەریان لەلایەن دەسەلاتی بەرژوازی کوردەوە، لەگەڵ هەڵپەکرێت و کۆتایی بەم دەستەواتە زاڵم و دیکتاتێرو کۆنەپەرستە بهێنرێت. بەدەستەوە گرتن و کەبونەوەو تیکەشان لەدەوری " نان، ئازادی، جیابوونەوەو سەربەخۆیی، دەستەواتدارێتی شورایی" ئەو پرۆژە سیاسییە کە کەمۆنیستەکان دەبە پێشڕەوایەتی بکەن، گومان هەنگرێ ئەمانە وەکو پاکیجەک ویستی زوربەی هەرزەری خەڵکی کوردستانەو دەبە نەخشە ڕێگای جەبەجەکردنی، بە دابڕێرت و رابەرایەتیەکی کارامە و لەبراوی کەمۆنیستی ئەرکی بەسەرکەوتن گەیاندنی بخەنە ئەستۆی خەیان. دیارە ئەمە بەرامبەرکییەکی کەمایەتی و هەمەلایەنە لەگەڵ دەستەواتی بەرژوازی کوردو حزبەکانی دەخوازێت. پێویستە بە ئەو نەبەردە ئامادەکاری پێویست بکرێت.

١٧ حوزەیرانی ٢٠١٧

کۆچکی بە سەروشۆن ... سەلاح

شوان

تایبەتە بە شاعیری جوانەمەرگ: جەلالی میرزا کەریم .....

گەڵایەکی خەمباری دەم
ڕووباری بەفراوی مەرگی
دەڵێت و ناگەڕێتەوە
لە بیابانێکی وشك و بریندگی ناولەپی شەودا
کەس ناناسیت و کەس ناتناسێ و بیرم دەکەی
بیرم دەکەیت و بیرت دەکەم و هەر شەوەی
لە قوژبنێکی تاریکی
مەیخانەیەکی بەغدادا
دەخەمەوە و باست دەکەم
باست دەکەم و دەگریم و دەخەمەوە
تا لە بیرم دەچێتەوە
لەناو بەفردا
لەبەر زریانی هەناسەی ساردمدا دانیشە و مەڵێ
لەبەر هەتاوی هاویندا
لەناو گڵی گریانمدا دانیشە و مەڵێ
تۆ ئەستێرەیەکی کزی
دەست بۆ خۆری
وەڵامی گشت پرسیارەکان درۆز مەکە
ڕێگا خزە
ئەگەر دەشڵێی جگم مەهەڵە
نەرگزێکم
دەتوانی بمدەی لە یەخەی
بە ئاوی خۆر نەشۆراوت
ئەسپەکەت شارەزا نییە
توشبەرەم و بمبەستە پشتی خۆت و جگم مەهەڵە
بمبە لەگەڵ خۆتدا بمبە
بۆ شەو و تاریکیی ڕێگات
چرام و هاوەمی ڕێگام
جگم مەهەڵە
خەم و مەیخانەکان و خۆر
بەجێ دێڵم
بمکە بازیبەند و بمکە قوڵی خۆتەوە و جگم مەهەڵە

دەڕۆم و دەگەڕێمەوە
هێشتا دەریا
ناتوانێت سەر بەرەو لووتکەکان هەڵگرێت
ناتوانێت دوای
پەڕە هەورێکی پەرەوازە بکەوێت
دەڕۆم لەگەڵ هەوردا دەڕۆم
لەگەڵ بارانداد دەمەوە
دەڕۆم لەگەڵ خەمدا دەڕۆم
لەگەڵ گریاندا دەمەوە
گشت هاتنێك ڕێشتنەوەیەکی بەدوایە
دەڕۆم لەگەڵ خۆردا دەڕۆم
خۆر جێگای بەرزە
تۆ هێشتا مەڵکی بەرزەفڕ نیت
دەترسم ڕەهەڵەی خەم
ئەم بەهارە
پەڕ و باڵت تەڕ بکات و پەکت بخا و نەتبینمەوە
جێم مەهەڵە
خۆشەویستم ڕووبارێکی بەهارەیە
دڵیشم دەکەمە پاپۆڕ
بۆ لووتکەی کام چیات دەوێ
سەرت دەخەم
جێم مەهەڵە
دڵمت بۆ دەکەمە چەتری
خوێنینی مەمکی شەوگار
لە دابارینی ئەستێرە و سەرمای شەوانی سایەقە
دەتپارێزم جێم مەهەڵە
جێم مەهەڵە
بارانم و بۆ هەرکوێ بڕێیت
دەتوانم لێوی غەریبی و نوێنی تەنیاییت بۆ ئاوێشێن کەم
جێم مەهەڵە
دەڕۆم و ناگەڕێمەوە
خەمی خۆت بگرە باوەش
بیلاوێنەوە و بیمژە و خۆشت بوێ
خۆشم دەوێ
من خەمی خۆمم خۆش دەوێ
خەم میوانی ئازیزی شەوی پایزە
بە درۆزایی گشت شەوەکان

بەم دەڵێت و بۆی دەڕۆم
خەوم نایە و خەوی نایەت
خەم دەستی شەوە و دەدارمە
تا بەیانی سەری دەکاتە سەر دەم
بەووتی لەگەڵمدا دەنوێ
خۆشم دەوێ
من خەمی خۆمم
خۆش دەوێ
11/11/1975 بەغدا

_____

دوو شیعری جەلالی میرزا کەریم

بۆای شار

لە گیانەکا … ئینسانەکا
لە قووڵایی ئاسمانەکا
لە شێپەی خوێنی جوانەکا
لە کسپە و چزەی ژانەکا
زەر شت بینرا، ئەجگار نوێبوون.
** *
بێ گەل
مەشخەڵ
چرای ڕۆبوون.
وای کرد پڕووی چاو لێکنەنرێ
لە ڕووی تیشکی ئەو بۆایە
هەژاری شار هەنگاو بنێ
بەرەو سەختی ئەو ڕێگایە
کە نان
ژیان
بەختیاری بێ ئەم تیایە.
***
لە گیانەکا … ئینسانەکا
لە تاریکی ڕەژانەکا
فرمێسك تیایا لەرزی و ترسا
گەڵك پردی مەزن ڕووخا
کەسێك بینرا

کەسی گشت کەس
ژیان لای بەس
مردنێکی سەر بەرزی بوو
تاقە بێوا
قوربانی پێ دەسزی بوو
کەسێك بینرا
بە پێشمەرگەی کورد ناو ئەبرا
چەند لێی درا
ئازار درا
هەتا کوژرا
ناوی کورد و کوردستانی لە دەم نەبڕا.
***
لە قووڵایی ئاسمانێکا ...
لە ئاهی چەند شاوانێکا
مانگی ڕووی دایك ئەبینرا
مات و بێدەنگ
فرمێسکی مەنگ
نم نم لە چاوی ئەژا
بۆ کۆرپە شیرەخۆرەکەی
کە دوژمن لە بێشکەی گڕا
بە نێزە فڕە خوێنەکەی
دوا تریقەی گەشی خنکا
ئاسمان ڕووخا
زەوی جووڵا
منارەکەی مزگەوتی شار
هات بەلادا
نوێژ تێکدرا
خوێن پەڕەی دا
بەڕووی خوادا هەڵپژینرا
لە تاوانی ئەو منالەی
وا سەر بڕا.
***
لە شێپەی خوێنی جوانێکا
لە گەرمەی شەڕ بارانێکا
کێپەی تۆپە لەچاوێکا
دڵی دوژمنی ئەپێکا
چاوی جوانێکی ...

کچه شوانێك
كه نامەردێ … جانەوەرێ
داگیركەرێ
ێێی لێبگرێ
لەدوای تێربوون سەری بێ
لە چاوێكا …
لە چاوی كچە كوردێكا
بینرا تێە
نەك یەك تێە … هەزار تێە
تێەی زامی
بێئارامی
ژێر پێلەقە و مشتە كێە.
***
لە كسپە و چزەی زامێكا
تەپاوتلدانی ژانێكا
باخێك بینرا
باخی هیوا
تێوی بێوا پێدا ئەكرا
بێوا بەگەل … بە ێابەرێ
بەو زەحمەتكێشەی، ێاپەێی
بێوا بەوەی
ئامانجی كورد … هیوای نەوەی
بەرناگرێ …
ئەگەر خوێنی بێ نەێژرێ
• گێڤاری ێزگاری، ژمارە (9) كانوونی 1969، سلێمانی. ل: 17.

_____

ێازێكی دەروون

گوێ شلی ئەو وتانەم لە شەوەزەنگا
چرپەیانە لە خامێشی تاری سنگا
ئەو سكاێا تاێەی هەردەم
هەێدەێژێ زووخاوی خەم
ئەو پرسیارە، بێ وەێامەی، ێێی پێنابەم
نە تێی ئەگەم
نە ئەشتوانم لێی هەێبەم و خێم دەربازكەم.
***

چیم لە بوونما ئاخ دەسکەوت
بەسە و گ؟
یا هەمنی، گیانی نەسرەوت
شادمانی، یا خەمی د
***
دنیا و تەمەنی لەمەودوام
ئاخ چن ب؟
پ جریوەی ئەستێرەب
ئەسمانەکەی دونی بوام.
***
ئەی خم، ک بم؟
بەزەیی بم، یا شەخواهی
خشەویستی، یا قاوی
ئاخ چی بم؟
***
تەزوویەکیش بەگیانما دت
فرمسك و بزەی لدەتکت
کاتك دەروون
دتە گ و کفت و هەچوون
ونەیەکی پرسیاراوی
ئەخەمە بەرچاوی وم
تیایا دکی ئاگراوی پ لە چزەی ژین دەشلم.
***
لە فرمسکا … لە بزەی یادی جارانما
لەهەنسکا … لە شاوی بیرسووتانما
لە ناخەوە
لە ناخکی بە داخەوە …
وخساری خم، بەدی ئەکەم
وووم تئەکا … ووی تئەکەم
دینە دووان …
لەمن یەك و لەو بەسەدان.
***
جا لە وخسارم تئەگەم
ب وتەیەك گو شل ئەکەم
لە قووایی دمەوە دت
ئەنەنت و پم ئەت
نازانیت کیت؟

پایەت چەندە؟ کامەیە جێت؟
***
تۆ مرۆڤیت … بۆندە جێت
چەند بەژان بێ ژینی دوێنێت
ئەمڕۆ ئازاد، ملی ڕێگات
بگرە بەرەو دنیای هیوات
ئەوسا هەر وێنەی ڕووی دوێنێت
هەزار و یەك ڕەنگ ئەنوێنێت
باخی وشکی زەردی سیسبوو
بە دەریای گوڵ ئەنەخشێنێ
بە هەزاران وتەی نوستوو
لە خەوی قورس هەڵئەسێنێ
پەڵە هەوری ڕەشی سنگت
دێتە ڕەوینەوە و نەمان
لێڵی گۆمی خولیای مەنگت
ڕوون ئەبێتەوە گەش و جوان
تێدەگەیت کێیت
بۆچی دەژیت … کامەیە جێت
بەرەو کوێیە هەنگاوی ڕێت
تێئەگەیت کێیت …

• گۆڤاری تووتن، ژمارە (4)ی ئایاری 1970، بەغدا. ل: 61.

ڕوحم دڕێ … چنوور نامیق

ڕوحم دڕێ و تەبیبی ڕوح بوونی نیە ئەمن چیبکەم؟
دەوەرانمە، لەگەڵ سووڵی زەویی فانی
کە خاڵی ڕاوەستان نەبێ ، چی بکەم؟
چاوم دڕێ کە شەو کوێر بم
لە سوور و زەرد و سەوزایی ئەمن چی بکەم؟
لە دەسپێکم هەتا کۆتا، کە تووشی پەتای ونبوونم
لە تەلار و لە ڤیلای عەشق، دنیا بە لە تیاچوونم

روحم دەشۆ و دەروون خاڵی لە هەرا و زەنای ئارامی
شەوی ناخم، قاپ بۆ لە زرەی پڵك و چاوی مەست
لە دیوانی درێی ژیان کامەیە کاتی مەستبوونم؟
دەمێ خەندە ئەکەمە هۆگری درێ و دەمێ
تووڕەیی ئەمباتە حەوشەی درێیەکی دوورتر
لەم هەرێمە شەرمەزارە
کەجوگرافیای بێدادەیی لەناخمدا جێنیشین بێ
کەبستێ خاك بەمن نەبێ
ئەدی چیبکەم؟

کە مانگ و خۆر بێ وەفان و قەت ناگەنە وەسڵی دیدار
لەم راوەستانی ژیانە مەیلی دیدار و ئارامی چی بکەم؟
ئا لەم نەخشە شەرمەزارەی کەس باکی نییە بە وەفا
کە سازگاری وەفا نەبێ، دە پێم ناڵێن لێرە چی بکەم؟
روحم دەشۆ و تەبیبی روح بوونی نیە ئەمن چیبکەم؟
چاوم دەشۆ کە شەو کوێربم
لە سوور و زەرد و سەوزایی ئەمن چی بکەم؟

22-6-2017

موسەمانی کورد ڕەنج بێبایێ … کاوێ هادی

دینداری ئامازەکێ بێ گشتنێ ئامانج ، گچکەترین و ئاسانترین ئامانج ، رازیکردنی دید و تەوانینی کەمەگەیێ لێ تاکی ناو کەمەگە ، بێ داخوێ ئەم تاکانێ زرینەی کەمەگە پکدنن . ئەم زرینەیێ بەرهەمی هزر و ئۆقەی خیان نا چننوێ ، وێک مشخڕ بەرماوەی ریش سپیکان گەرم دکنوێ ، کە هەمان بەرماوەی چند سەدیکی رابوردوێ ، نوێ لێ دوای نوێ ئەم چشتی مجورێ دەرخواردی یێک دی ددنوێ ، بگومان زرینەی رها ککن لێ ئامانجدا بەنام ناتوانن یێک رنگ و یێک دنگ بن لێ هەسوکوت و دید بچونیاندا . هندکیان کیف و سفای خیان دکن و مسقالێ

زۆر یەکیشی تێدا دەبێنرێ بە بەرقاپیەکی خودا ، کەفرناکەن و بە ئینشەاوماشەا قسەدەکەن ، لەو دوازدە
مانگی ساڵ یەک مانگی خەیان دەپارێزن لە زگ و نەفەس و هەوەسبازی . هەندەکیان هەرچی خودا پێی ناخۆشە دەیکەن و دەیخەنەوە ، هەرلە دزی و درۆزنی و لاقەکردنی ژن ومنداڵ هەتا دەگات بە پیاوکوشتن و خوێنڕژی ، هەرکاتێ تەماشەن هەڵکشا بە لەواری مەرگ ئیدی ، گۆشەی مزگەوت بەرنادەن و سەریان بچێت یەک نوێژیان ناچێت ، ئاخر دەنگیەکی زۆر ترسناک هەیە دەڵێت … گرنگ نیە چیت کردوە و چیت نەکردوە ، چەندە پیاو و ژن و منداڵت کوشتوە ، گرنگ ئەوەیە یەک جار بەڵاستی و لەدڵەوە بڵێیت ((شایەتمان دەنم کە تەنها اللە خودایە وە موحەمەدیش نێردراوی خودایە)) ئیدی دنیابن لە هەژی دواییدا قاپیکانی بەهەشت بە ئەوە دەکەونە سەر گازەری پشت و هەتا هەتایە لەو باغانەی بەهەشت ، بە سەکس و شەراب و میوەهاتی خۆش دەیگوزەرێنن !!!. هەندەکی دی لە هەرەتی منداڵی و تافی لاویدا لە گشت مافەکانی ئەو تەمەنە جوانە خەیان بە بەشدەکەن ، رەنگ زەردو لەو و لاواز ، لەترسی عەزابی قەبر ناوەرن سەری خەیان بخوڕنن ، ئاواتە خوازن یەک ڕۆژ زودتر ماڵئاویی لەم ژیانە کاتیە بکەن و بگەن بەو ژیانە بە کۆتایە بە مولاقاتی پێغەمبەری نازدار و خوا گیان شادبن !!!.

هەندەکی دی هەندە بە گوتەکانی قورئان و فەرمودەکانی موحەمەد بە هەشکراون ، ئەگەر لە ساتەکدا خوێنی ١٠٠مرەف برژن ، بریسکەی سمەیان دێت و شانازی دەکەن کە بوون بە شەری خودا ، هەندە تامەزرۆی ئەو باغانەی بە هەشتن دەست وەرئەدەن لە کاری خودا ، خەیان دەست دەنەن بە دوگمەی مەرگ و شەهادەتدا ، ئەم شەرانەی خودا شەهیدن لە پەناو سەرکەوتنی دینەکەی خودا ، بە پەستاڵی قوماوی بە دەستی خوێناوی یەکەاست بە بەرزایەکانی بەهەشت بە باغ و کۆشکە تاپۆ کراوەکان بە شەهیدانی سەروەر دەڵێن ، حەرلەعین و کەنیزەکی پاکیزە و سەرمەرکراو بە ئەمان بە حساب و کیتابە لە ٧٧ وە دەستپێک دەکات هەتا ٧٧هەزار !!!. تەواوی جەنگاوەرانی ئەم ئاینە لە هەردوو دیرەکی کەن و نوێیدا ، بەم شەرابە هەشبەرە بە هەشکراون ، بنوانە قەتوعامی تیرە و هەزەکانی مەکە و مەدینە ، قەتلوعامی بابوباپیرانمان نوێترین خوێنڕژی تاوانی شەنگاڵ و قەتلوعامی خوشکو برا ئەزیدیەکان بوو . تەواوی پاداشتەکانی ئەودونیا بەنرینەکانە ، من تەنها یەک پاداشتم بیستوە بە مەیینەی موسەمان … گەانەویان بە لای مەردەکانی ئەم دونیایان خە ئەگەر زاەمکیش بووبێت و سە ژەمە نانوشەقی دەرخوارد دابێت ،

بەمەرجێک دەبێت ئەو ئافرەتە ئەهلی بەهەشتبێت و هەژە لە هەژان دەی مەردەکەی نەهێنجاندبێ ، دەنا چاوی بە پشتەملی خەی بکەوێت چاوی بە بەهەشت ناکەوێت ، هەرچەندە موحەمەد لە دەزماوەی نوقلانەی دەزەخی بێ لە داون ، ئەوەنیە کە لەسەر پشتی بەراق فڕی بێ ٧ تەبەقەی ئاسمان و بینی … زەرینەی ئەهلی جەهەنەم ژنان بوون ، ئەمە لە کاتێکدا هەم قورئان و هەم موحەمەد خۆیشی دەڵێت ، بەهەشت و دەزەخ دوای هەژی ئاخیر بەرپادەبن ، واتە هەشتا نە بەهەشت هەزاوەتەوە نە ئاگرکەی دەزەخیش گەدراوە ، تە بەڵێیت ئەم نەردراوی خودایە سەردانی کام دەزەخی کردبێت ؟ .

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە تەنها تایبەت نیە بە بەوادارانی کورد و ئاینی ئیسلام ، گشتگیرە بە تەواوی ئاین و نیمچ ئاینەکان ، وەک ئای رەز و تەگەشتنم بە تەواوی بیروباوەڕەکانی تاک بە تاکی ئەم گەی زەمینە ، من چەند سوورم لەسەر بەواکانی خەم ، تەش مافی خەتە دە هەندە سووربیت لەسەر بیروبەوای خەت ، هەر لە مانگاپەرست و گاپەرست و خوداپەرست هەتا ئاگرپەرست و سروشت پەرست و جوان پەرستان ، بووونی بەوا و نەبووونی بەوا زەر تایبەت مەندە بەو مرۆڤەوە ، ئەوەش کاریگەریی شتگەلێکن کە تەنها ئەو کەسە لەو کەمەنکەشیە تە دەگات ، جا ئەگەر ئەرێنی بەت یان نەرێنی خەی سەرپشک و فریادڕەسی خەیەتی . تەنیا خاڵی جیاوازم ئەوەیە بەتەپزی بیروباوەڕی خەت نەسەپێنی بە سەر کەسێکی دی کەدا ، ترسولەرزی درە بەاو نەکەیتەوە بە نەو چینە لاواز و کەم تواناکان ، خە ئەگەر کار گەشتە بەکارهێنانی شمشێر و چەک بە سەپاندنی بیروبەوا ، ئەوا دەنیابە کە تە بەکتریا و ڤایرەس باودەکەیتەوە نەک بیروبەوا . بنەبەکردنی هەموو ئەو بەکتریا و ڤایرەسانە ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤکی خاوەن ویژدان و خاوەن بیرێکی مرۆڤ دۆستانەیە . بە گوتەیەکی بیرمەندی میسری کۆتایی بەم درێژدادەیە دەهێنم و دواجار دەمە سەر هەنجەڵەیی موسڵمانی کورد ، سەید ئەلقمنی لە کەتابەندەکانا گوتی … هەموو دوپشکێک کوشندەیە ، بەڵام ئایا هەموو دوپشکێک لە ماوەی تەمەنیدا شەرەفی کوشتنی مرۆڤکی بەردەکەوێت ؟ .

ئاین دۆشەت وەک تەواوی ئایدەلۆژیەکان بکرێت بە ئامرازێک بە بەرفراوانی قەڵەمڕەوی دەستەڵات ، بە داگیرکردنی خاک و نیشتمانی دەرودراوسێکانی دوور و نزدیک . جگەی سەرسوڕمانە ئاینێک لە بیابانێکی وشکی پر لە کێشە و تاوان ، بارگاوی بەدەندایەتی و خوێنڕێژی سەرهەڵبدات و لە ماوەیەکی کورتدا خەی بسەپێنێ بەسەر تەواوی ناوچەکەدا ، پەل هاویشتن بە وڵاتانی دراوسێ ، ناعەرەب و

ناموسمان بن و خاونی فرهنگ و شارستانی خیان بن ، نک تنها داگیرکردنیان بکو گیانیشیان بە عارەب و بە موسمان ، نموونەی میسر و شام و تونس و مغریب ، تەواوی سەرچاوە مژویکان پمان دەن … نیشتمانی عارەب تنها نیمچە دورگەی عارەب بوو ، جگە لە چند هزکی پەرت وبڵاو نیشتەجێ لە دەروەی ئم نیمچەدورگەیدا ، بەڵم ئەو تنها هز و شانگزی عارەب نبوو بکو ئەو ئاینی ئیسلام بوو کە عارەبی کرد بە یەکک لە نتەوە گورکانی جیهان و کاریگر لسەرمژوی گشت دونیا ، دواجار قستنەوەی ئم ئاینە لە لایەن خکانی ناعارەبەوە ، بە بەهزکردن و بەرفراوانیی دەستی قەمەویان ، ئەو دەساتی ئیمپراتەریی * عوسمانیکان بوو گیشتە ئاوروپا و ئفریقا و ئاسیای ناوەڕاست ، بە هزوبازوی شانگزی خیان و وزەی ئم ئایدۆلۆژیەی کە ناویان لە نابوو ئاینی ئیسلام ، دنا تنها دندەیی تورک وتتار بس نبوو بە ئم پشەفتە گورەیە و بەردەوامیی حوکمی ٦٠٠ساڵەی عوسمانیکان ، هر ئمش بوو بە بەردی بناغەی دامزرانی دەوڵەتکی گورە و گرنگی وەک تورکیای ئەوڕۆ .

دوای داگیرکردنی ئران و خاپورکردنی کلتور و شارستانیتیان لە لایەن عاربی موسمانەوە ، ئرانیکان دستەوستان بچەکدا نهاتن ، هر زوو بزووتنەوەی خیان کردە موسمانی شیعە ، دنا کشمکشی سونە و شیعە نە لە دوور نە لە نزدیک پیوندی بەو خکەوە نبوو ، بەڵام ئەو وزەی ئەو ئایدۆلۆژیە بوو کە ناویان لە نا ((ئالی شیعە))و خیان پاراست لە داگیرکاری عارەب و تورک و دامزرانی دەوڵەتی* سفەوی ، دواجار بوو بە بەردی بناغەی دەوڵەتکی بەهزی خاوەن دەسات لە تەواوی ناوچەکە و جیهاندا . هرچەندە ئەوە تگەای دوڵەتە عاربکان ، لژر هم هەشە و هم ڕەحمتی هردک ئرانی شیعە و تورکیای سوندایە ، بەڵام ئم شۆڕشی مژوە مژوش شرمی لە هیچ کس نیە ، هرکسە باج و خراجی هەڵە و ڕاستی خی دەدا . هاوشوەی عآرەب سرجم ئم گل و وڵاتانە ، بە کمکی بکارهنانی ناوی ئیسلام و دینداری خیان پە دروستکرد و لە بوون بە عارەبیش خیان پە پاراست .

لە مەحاڵ مەحاڵتر بوو میللەتکی لاوازی پەرتوبڵاو ، لە فرمی تیرە و هزدا بەرگری بکات لە خک و خاککی ، لە کاتکدا دوژمنکی دندەی مرۆخۆری بربری ، بە شمشرکی خونەاوی و ئایدۆلژیکی سیحراوی هی کوتابتە سری . تسلیم بوونمان و موسمان بوونمان ، باشترین و تنها بژاردە بوو لە پناو مانەوە و

درێژدان بە ژیانی کولەمەرگی ، خۆ ئەگەر کوردیش بیتوانیایە هاوشێوەی ئەو نەتەوانە ئەم ئایینەی بەکاربهێنایە بۆ خۆدروستکردن و دامەزرانی ئەمارەتێکی کوردی و پاشان بە دەوڵەتێکی مەدەرنی بەهێز و خاوەن پێگە ، ئەوا من یەک بستە هەم نەدەکرد بە بە مێزار یان عەمامە ، ئەو فرسەتە لەدەست دەرچوو ، مەدلی بەکارهێنانی ئایین و بەناوی سەرخستنی ئایینی خودا بە دامەزرانی ئیمارە و خەلافە و ئیمپراتۆری نەما ، تەنانەت ئەبوبەکر بەغدادی و ئەردوغانیش ئەسپی خەیان تاودا بەڵام نەیان توانی هیچ بکەنەوە بەر سوڵتان و خەلیفەکاندا . ئەی کورد لەم بە حاڵوئەحواڵیەیدا چیداوە لە هەڵگری ئاڵای ئیسلام ؟ دیارە لە پەناوی چیدا ئایینی ئیسلام سەربخات ؟ بە خەی لە بۆگە بە موسڵمانی نمرە یەک ؟ جارجارە دەڵێن بگوماندا کە گوایە کورد لە عارەبی نیمچە دورگەی عارەب باشتر لە قورئان تێ دەگات ، تورک و فارس خواهێم بە ئیمانیان بکات ، گوایە ئەوان لەنگاوقوچ لەم ئایینە پیرۆزە گەیشتون !!!. خوا هەڵناگرێت ناوبەناو دوژمنانی کورد ، بە کیمیاباران و ئەنفالکردن و فاندنی کچ و خوشکەکانمان وە بیرمان دەهێننەوە ، بە ئاشکرا دەیین ئەوە هەشتا کافرن و سەگ و ماڵتان حەڵاڵە بە ئەمەی موسوڵمان . لەمیمبەری مزگەوتێکی ئاڵی شیعەوە کاکی ئیمام دەیشێاند بە ئەو هەموو لە خواترس و خەڵکە نورانیە ((نەکەن خوێنتان تێکەڵی خوێنی کورد بکەن ، جونکە بە ئیسپاتەوە ، کورد قەومێکە لە قەومەکانی جن))ئەستا قبوڵمانە موسڵمانیەتیمان لە وەرناگرن ، قەیناکە کافروبە دینین بەڵام خوا

هەڵناگرێت ئەمە نە خوین و نە جنەکە ، مەلایەکی تورکی سونی لە مزگەوتێکی فرە گەورە و پە حەشاماتدا ، هەردووک دەستی هەو خودا بەرز کردبێ ، یەک لە سەریەک دوعای خراپی لە دەکردین و حەشاماتەکش بە دویدا ئامین ئامینیان بوو ، کاکی مەلا بە تەپ و تەیارە دەی ئاو ناخواتەوە ، بە هیجاب طەیب ئەردوغانی دەگوت ، حەق وایە بە چەکی نەووی لەم مار و دوپشکانە بدەیت ، ئاخر من کەسم نە دیوە نان بداتە مار و دوپشک ، ئەو حەشامەتش ئامین ئینشایان دەگوتەوە ، باوکم بمانکوژن چەکی نەوویش بکاربێنن بەڵام ویژدان خۆشە بە مرۆڤ ، ئەمە لە پێش هەموو ئەوە مرۆڤ بوین لە سەر ئەم خاکە . ئەمە نە جنەکین نە مارین نە دوپشک ، تەنها تاوانمان کوردبوونمانە . ئیدی بە هەموو خوشک و برا جنەکە و مار و دوپشکەکانم دەڵێم ، چی دی خەمان هەرزان فرۆش نەکەین و چی دی وزەی خۆتان بە بادا مەدەن .

کاوە هادی

.....

(*) دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1299 وە هەتا ساڵی1923 حوکمیان کرد . بە ماوەی نزدیکەی 600 ساڵ .
لە سەدەکان ١٦ و ١٧ دا زۆربەی خاکی هەرسە کیشوەری جیهانی کۆنی لەژێردەستابوو ، واتە هەموو ئاسیای ناوەڕاست ، بەشێکی زۆری باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا ، ڕۆژئاوای ئاسیا و باکوری ئەفریقای دەگرتەوە .
(*) دەوڵەتی سەفەویی .. سەفەویەکان لە ساڵی 1501 وە هەتا ساڵی 1736 حوکمیان کرد ، دەوڵەتێکی بەهێزی شیعە مەزهەب بوون ، لە گەڵ عوسمانیەکان لە ڕۆژئاواوە و لە گەڵ ئوزبەکەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە شەڕ و کێشەی زۆریان هەبوو .

ڕووحی تورکی لە جەستەی کوردی کوردئایدل-دا!؟ (بەشی کۆتایی) … برایم فەڕشی

لە پاپ ئایدل هەتا کوردئایدل

" پێناسەی تازەی عێراقی کە لە دهەک بەاوکراوەتەوە یەک وشەی کوردی تێدانییە! گەلێک مامەستا لە فەرگەکان وەرەقەی ئیمتیحان دەفرەشن، یان کارێکی وا دەکەن شاگردەکانیان لە دەرەوەی مەدرەسە، دەرسی خسوسی لای خۆیان وەرگرن! فرەشتنی دیپلەم، بەکالۆری، دوکتورا بازاڕی گەرمە! دوکتورەکان لە جیاتی کاری پزیشکی خەریکی تیجارەتن!! … لەو وەتە لە شارە گەورەکان کتێب خوێندنەوە باوی نەماوە، بەڵام ناوەندی چاپ و بەاوکردنەوە زیادی کردووە. نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆخنەگر کراونەتە مووچەخۆری حزب و حکوومەت! لەش فرەشی و خوشگوزەرانی و بازاڕی سێکس لە گەشەسەندنداید!… نەخێر بە پێی پێویست نییە!… ژێربینای ئابووری(کشت وکاڵ) تێکقرماوە و ژێربینای سەنعەتی لە گەڵدانییە، ئەوەی بەوی هەیە تیجارەتی پەڵە

گەندەڵی بازاڕ و بیناسازییەکە بە میلیارد پارەی تەدادەگەڕێ، کە وەاتانی دەوروبەر و وەاتانی دوور سوودی گەورەی لێدەبینن... !"
(ئەمە کورتەی قسەی چەند کەسە لە لە پیشانگای کتێبی فرانکفۆرت لە ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٢)
ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە سولەیمانی لە نەوشیروان مستەفام پرسی،- چ دەکەن بۆ ئەو کەس و شریکانەی کە گرێکیان بۆ لە کوردستان سەرمایەکەیان وەکار بخەن؟- گوتی "هاسانکاریان بۆ دەکەین و پێنجساڵ باجیان لێ داوا ناکەین."
ئەم تێگەیشتنە کاکلی سەرەکی تەوانینی بەرپرسانی باشووری کوردستان لە سیاسەت دەردەخات. ئەوان سازان لە گەڵ دەرەوەیان لا گرنگتر بووە، هەتا ناوخۆی وەات و خەڵک. کەسیش لێیان ناست نەبووە بپرسێ" بۆچی دەبێ پیشەکار و خاوەنکاری کورد باج بدەن و بیانییەکان ببخشرێن؟" ئەم تێگەیشتنە سەرچاوەی وێرانی ئابووری و فەرهەنگ و هونەر و کۆمەڵایەتی کوردستان بووە و تێگەیشتنی تاکە کەس و حزب و لایەنێک نییە و تێگەیشتنی حزب و حکوومەت و بەرپرسانە!
حزب و حکوومەت و بیانییەکان و بازرگانانی تازە پێگەیشتوو، باشووری کوردستانیان کردۆتە ویترینی هەر چەشنە کالایەک و مەیدانی داهاتنی ژێرخانی ئابووری، فەرهەنگی، هزریی و هونەریی تا ئەو جێگایەی کارهاسانی بۆ ترکەکان کراوە بۆ ئەوەی بتوانن بەرنامەکانیان بۆ جێگای ئەستانبوڵ و ئانکارا لە ستەدیەی کوردسات تەمار بکەن و هاستەوخۆ ڕەوانەی ماڵە کوردەکانی بکەن!

لە باشوور پەژڕەی ساخکردنەوەی کۆمەڵایەتی تاکی کورد لە ئارادا نەبووە، سیستەمی پەروەردەی پەشوو بە داپەشینی هووکەشی کوردی بردەوام کراوە. مەدیا کۆتڕە سەر خەتی مەدیای وەاتانی دەوەر وبەر. لەم بیست وپینج ساڵە هیچ بەرهەمێکی جیاواز لە هاباوردو کە مەری وەات و خەڵکەکی جیاواز لە ترک و عاڕەب و فارسی هەبێت، نەبیندراوە. ئەوەی بیندراوە لاسایی کردنەوەی لاسایکەران و کەنەش بردن بۆ ئەوان و بوغزاندنی پسپۆڕانی دەرەوەی بازنەی حزبەکان بووە!
پرۆفیسەرێکی کورد بەڕێز کراوە بە پیرۆسەربازێکی بریتانیایی، پرۆفیسەرێکی تر بەڕێزکراوە بە شاگردە فەڕانسەویەکەی، بەرپرسی دەفتەری بازرگانی کورد و ئاڵمان، بەڕێز کراوە بە تاجرێکی پلە نزمی ئاڵمانی، دەیان پەژڕەی کارسازانەی پسپۆڕان و خەمخرانەی کورد ڕەد کراونەتەوە و جێگای ئەوان بە ترک و فارس و عاڕەب و فەانە شەفیرتانکەری،ئەندامی فەان حزبی ئاڵمانی پێکراوەتەوە! تورک ئایدل کە بە کوردئایدل دەفرۆشرێ، هوخساری پرژکانی هاوچەشن و

کۆسایەتی هەرەمی کوردستان و بەرپرسانی دەردەخات!

ئەمەی خوارەوە ڕاگەیاندنی کوردساتە و وەک خۆی بە هەڵەکانیەوە بڵاو دەکرێتەوە. لەم ڕاگەیاندنە دا، تەنیا یەک مەرج بە داواکار هەیە، زانینی زمانی"تورکی" نەک لە ئێستانبول لە سولەیمانی.
<< کورد ئایدل بە دوای هاوکاری نوێ دەگەڕێ هەندەستین بە دامەزراندنی هاوکاری نوێ(کە زمانی تورکی بزانێت) بە شێوەی پارت تایم لە بەشە جیاجیکانی ستافەکمان لە ماوەی پەخشی ڕاستەوخۆدا ئەگەر تەش پێت خۆشە ببیت بە بەشێک لە ستافی کورد ئایدل ئەوا apply@kurdidol.tv دەتوانی سیڤی خۆت بە ئەم ئیمەیلە بنێری>

بەداخەوە لە ناکاودا دیارنەماو تەرمەکەی سەر ئاوکەوت.

کاکە یاد تەمەن شەش ساڵە لەماڵەوانگەیەکی ناوچەی باکوری ئەمانیا خنکاو خەزانەکەی ماوەی ساڵێکە لە غەم و پژارەو ناخۆشیدان هەشتا نەتواندراوە لە ئێشو ئازاریان کەمکرێتەوە. ! ؟

کاکە یاد لەگەڵ خانوادەکەی لە کۆتاهی ساڵی ٢٠١٥ هاتونەتە ئەمانیا .دوای ئەوەی جێنشینی هەتایی بون لە شارچکەی برەم شتادت لە باکوری ئەمانیا شەش مانگ بوو لە وەاتی ئەمانیابوون یاد دەخرێتە بەر یەکەم قەناغی گۆشەکردنی مناڵ و لە باخچەی ساوایان وەردەگیرێ تا فێری زوبانی ئەمانی بێت و ساڵی ٢٠١٦ بخرێتە بەرقەناغی خوێندن , بەڵام بەداخەوە لە کۆتاهی یەکەم هەفتەی چونی بە باخچەی ساوایان , بە ئەوەی مەڵەت لە باوک و دایکی وەرگیرێ لەگەڵ گروپەکەی دەبرێت بە ماڵەوانگێ بە سەرپەرشتی سێ چاودێری شارەزا لە ڕوانگەی پەروەردەکردنی مناڵ و چاودێری باخچەی ساوایان , پاش دو کاتژمێر لەماڵەوانگەکە لەناکاودا کاکە یاد دیارنامێنێت کاتێک دەچنە شوێنی مەڵەکردنەکە کەسێك دەڵێت من یادم لە ئاوەکەدا دەرهێناوەتەوە.

بەیانزان ٢٤ / ٦ /٢٠١٧ یادی مردنی کاکە یادە و تائێستا دڵزگاکانی ئەم ناوچەیە نەیانتوانیوە کەمەک لە ئێش و ئازاری دایك و باوك

بەگشتی خانەوادەکەیان کەمکاتەوە ئەمەی ڕوویندی کوردی لە باکوری ئەمانیا بە ئامادەبونی خانەوادەی یاد بەشدار دەبین لە ڕۆژی یادی دواساتەکانی تەمەنی کاکە یاد ، لە ئستادا ئەو چیرکە گواستراوەتەوە بە مەدیا گرنگەکانی وڵاتی ئەمانیا و لەسەر داوای دایك و باوکی یاد بەهەرچەنکبەت ئەم باسە بچێتە لای دادوەرو لەپرسینەوەی لەبکرێ " گەر تا کەتاهی هەفتە بەاو نەکرایەوە ڕووندی کوردی بەیاری ئەوە دەدات خەپشاندانەك سازبکات " تکایە پستیگیری خانەوادەی کاکە یاد بکەن .

هاوکارو داکەکی کاری خانەوادەی یاد لە وڵاتی ئەمانیا فەرێدون کونجرینی و پشتیوان عوبەیت " داواکارین پشتیوانیمان بکەن جا بەهەر بیرکەیەکی فشاربەت بە زایاتر بەدواداچون و هاوکاری پەشنیارو ناوی خەت تەمار بکە .

شوێنی یادکردنەوەکە لەم ناونیشانەی لای خوارەوەیە

Roland Oase Warmwasserfreibad Bad Bramstedt
Am Badesteig. 5
24576 Bad Bramstedt

لەڕوە چیرکی کاکە یاد لە زاری خزانکیانەوە بخوێنڕوە

بەرزان ڕەوئوف مەحمود کە باوکی یادە وخەکی سلەمانیە دەگەڵتەوەو دەڵت سەعات 8ی بەیانی ڕکەوتی 23.06.2016 خەم بردم بە شارەکەم بەناوی باتدرامشتادت دوای ئەوە گەامەوە ماەوەو لەکاتی تەواو بونی دەوامی یادا کاتژمر 02:00 ی پاش نیوەڕ بوو ، چووم یاد بهێنمەوە کاتک جومە ئەوە ئتومبلی پلیسی لە بو لەگە گردبونەوەیەکی زری دایك و باوکانی منداانی تر کاتی چومەوە ژورەوە هیچ منداەکی لە نەبوو ژنکم بینی وەستابوو بەناوی نورتەن کە تورکە لەم پرسی منداەکان لەکون؟ لەوەامدا نورتەن وتی منداانیان بردوە بە مەلەوانگە، دوای ئەوە وتم دەکرت بچین بیان هنینەوە خانمکە ئتمبلی پبوو نەگەیشتینە مەلەوانگەکە مامستاکانمان بینی دەستی منداەکانیان گرتوبوو بە گەانەوەیان بە دایەنگا ئەوەبوو هەرگەیشتمە بەردەم مەلەوانگەو بەوەبەری دایەنگاکە باوەشکی حەزینی پیاکردوم وتی یاد تەنها دوو قوم ئاوی جتە قورگیەوە نەخنکاوە بەس بەهەلی کپتەر بردومانە بە نەخشخانەی هامبرگ و سەلامەتە.

بەرزان دەڵت " ئەو دەقەیە بە شلەژاویەوە تلم بە ڕۆژکاری خزانم

کرد دوای ئەوە خەزانەکەم بەگریانەوە هات و پەیوەندی بە (بیتانا) پاڵ کە بەخۆکەری یادە دوای ئەوە هاتن بۆ دایەنگاکە و بەئامادەبونی ئەم خانمە پۆلیس وتەیان لێوەرگرتین و پاشان بیتینا من و خەزەنەکەمیان برد بۆ نەخۆشخانەی هامبۆرگ، لەوێ مامۆستایەکی دایەنگاکە لەوێ بوو لێمان پرسی کوا یاد وتی: لەهۆلی نەشتەرگەریە لە ژورەوە پاشان دکتۆرەکان هاتن و ئێمەیان برد بۆ نهۆمی دووهەم بۆ چاوەوانی تا دەی هێنینە دەرەوە ، دوای ئەوە چی ببینین هەموو سنگی یاد هەدرابوو چاوی نوقام بوو بوو، هەناسەی نەمابو هەموگیانی خوێن بوو ، دوای ئەم ڕۆژە دکتۆرەکان وتیان بێنەوە بەیانی وەرنەوە ڕۆژی دواتر چوینەوە بنکەی پۆلیس بۆ ئەوەی سەرەداوێکمان دەست بکەیت لەروداوەکە وتیان بەپێی لێکۆینەوەی سەرەتایمان مامۆستایان وتویانە پانزە منداڵن و دوای ئەوە کە زانیویانە منداڵێك کەمبووە سەیریان کردوە یاد سەرئاوکەوتووە پۆلیسیش وتی بەردەوامین لە لێکۆینەوە .

بەرزان وتی من و ڕۆژگار دایکی یاد گەیشتینە بەردەم هۆڵی نەشتەرگەری و سێ دکتۆر وەستابون لە بەردەم هۆڵی نەشتەرگەریەکە پێیان ڕاگەیاندین کە بەداوای لێبوردنەوە ئەوەی لەتوانامانا بووە کردومانە و هیچ لەدەسەڵاتیشمان نەماوە و بابشزانن سەرەتا بەمردوی یاد یان هێناوە بۆلامان بۆمان دەرکەوتوە کە بیست دەقە زیاتر لەئاوا ماوەتەوە و مۆشك و سیەکانی پۆبوە لە ئاو پاشان ڕێیان داین بۆ دواجار بۆ ماوەی 3 سێ کاتژمێر توانیمان بۆنی بکەین پاشان وتیان دەتانەوێت چۆن بینێژن ئێمەش وتمان بەشەرعی ئیسلام دوای پانزە ڕۆژ ، خاتوو بیتینا بال کردیە هەراو وتی لەهامبۆرگ پرسەی بۆ دامەزڕێن دواتر لەم شارەی خۆم ناشتمان و گرێ بەستی گۆڕەکەشیان تا بیست و پێنج ساڵ بۆ کرا و پرسەیەکی پچوکیشمان بۆ دانا و ئێستا حکومەت دەیەوێت گیانلەدەستدانی یاد بشارێتەوەو باسی نەمێنیت سەرەڕای ئەمەش ئێمە کەداوای مافی پەنابەرێتیمان کردوە ئیهانەدەکرێین و پێمان ئەڵێن باسی منداڵەکەتان هەر مەکەن لەوەش ترسمان هەیە هەر لەئەلمَانیان بەدەرمان بکەن بۆیە داوا لەرەوەندی کوردی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و حزبەکوردییەکان دەکەین بۆن بەهانامانەوە و هاوکاریمان بکەن.

دایکی یاد دێت ئێمە بۆئەوە هاتینە ئەوروپا و ئەلمانیا کە ژیانمان پارێزراو خۆشگوزەران بین کەچی ژیانی یاد یان لەسەندینەوەو بەداخەوە ڕۆژەکەم کۆچی هەتاهەتایی کرد و دو کوڕەکەی تریشم توشی نەخۆشی دەرونی هاتوون و منداڵکی تریشان بوەو لە

خۆشی یادی کۆچ کردو ناومان ناوە یاد .
دایکی یاد داواکارە لە هاوەندی کوردی لە ئەمانیا تکایە رێکخراوەکان و حکومەتی ئەمانی وەرن بەهانامانەوە، ئەمە دەمانەوێت داوای قەرەبوی رۆحی خەمان بکەینەوە هەر چەندە رۆحی یاد قەرەبوو ناکرێتەوە دەمانەوێت هەندێ لە ئێشو ئازارەکانمان کەمکەینەوە.

ئامادەکردنی: فەریدون کونجرینی

بەیانامە لەسەر بەرپا کردنی فراندەم!! ... حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چێپی عێراق

کۆشی نێتوایەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە یگای فراندەمەوە چارسەر دەبێ!!
زۆمی نێتوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان لە چوار وڵاتی هاوڕێ ناوەڕاستدا(عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا) مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە کە نزیکەی یەک سەدەیە، دەیان کارەسات و کۆمەڵ کوژی و کاولکاری و دەربەدەری و ماڵ وێرانی بە دژی ئەم شۆنە کورد نشینانە لە ناوچەکەدا دروست کردوە، سەرباری قەدەغە کردنی بەکار بردنی زمانی دایکی و پێشینی جل بەرگ وپراکتیک کردنی بنەکانیان. بەشکی سەرەکی مێژووی هاوچەرخی ناوچەکە، ئەم زوڵم و زۆرداری و ئەم غەدرەیە. ئەم کۆشەیە لە هەر وڵاتکەدا بە شێوەیک چارەسەر دەبێ.

لەکوردستانی عێراقدا لەچەند دەیەی ڕابردودا گەورەترین کۆمەڵ کوژی بە بەکارهێنای چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە و دەیان شارو دێی و ناوچەدا و ئەنفال کردنی ١٨٠ هەزار کەس و لەناوبردنیان و کاولکردنی دەیان شارو شارچکەو وێران کردنی هەزارن لادێ و ڕاپێچ کردنی دانشتونکانیان و گردکردنەوەیان لە ئودوگا زۆرملێکان و دابڕنیان لە شونی نشتەجی بوونیان و مەحروم کردنیان لە کارو ژیانیان، ئیعدام کردنی بەکۆمەڵی لاوانی ناڕازی و سەرکوتی بە

پەردەی حکومەتە ناسیونالستە عەرەبیە یەک لەدوای یەکانەدا لەسەرخەکی کوردستان، هەروەها کارکردی تبلیغاتی ناسیونالستی حزبە ناسیونالستیە کوردیەکان، قەشتەکی زۆری لە نەوانی خەکی کوردستان و عەراقدا دروست کردوە. سەنەوەی ئەم قەشتە و کارکردەکانی ئەم هەزە کەنەپەرستانە کارەکی ئاسان نیە، بەتایبەت لە غیابی دەوەتەکی سیشیالستی یان دەوەتەکی سیکیولاری غەیرە قەومیدا، ولە ئەمەشدا و لە چوار جەوەی دەوەتەکی ئیسلامی-قەومیدا کە هەر هەژە باوەشنی دەمارگیری دینی و قەومی دەکات.

لە ٢٦ سالی ڕابردودا لە دوای جەنگی خلیجی یەکەمەوە، چەند جار فرسەت هاتوەتە پەشەوە ئەم کەشە نەتەوایەتیە چارەسەر بکرە و بگەڕانەوە بە ئیرادەی خەکی کوردستان و لە ڕێگای ڕفراندەمەوە بە جیابونەوە لە عەراق و دامەزراندنی کوردستانەکی سەربەخە، بەڵام ناسیونالزمی کوردو حزبە دەسەڵاتدارەکانی لە ڕێگەی ڕەکەوتن لە گەڵ حکومەتی بەعس و دواتر لەگەڵ هەژە ئیسلامی وقەومیەکانی بەغداوە، ڕێگای بەغدا و حوکمی زاتی و فیدرالیەتیان هەڵبژارد، ئەوەندەی تر ئەم کەشەیان قوڵتر کردەوە. ئەگەرچی زوەمی قەومی لەسەر خەکی کوردستان کەتایی هاتوە، بەهەی کورد بونەوە خەک زوەمیان لە ناکری، بەڵام کەشەی قەومی لەسەر جە خەیدایە، هەر ئەستا ئەگەری پەکدادن و شەری ماە وەران کەری تر لەدەرگای خەکی کوردستان دەدات.

کەمەنزمی کرەکاری بەڵابەرایەتی مەنسوری حکمەت لە ١٩٩٥ وە ستراتیژی جیابوونەوەی خستە بەردەم کەمەگە، حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان ڕیگری جدی بوون لە جە بەجە کردنی ئەم ستراتیجیەدا. لەو کاتەوە ئەگەر چی ناوەڕەک و هەیەکانی داواکاری ڕیفراندەم بە سەربەخەیی گەڵانی زۆری بەسەردا هاتوە بەڵام کەمەنزمی کرەکاری و حزبی کەمەنستی کرەکاری چەپی عەراق هەمیشە و لە کەنگرەی یەکەمی خەیدا و لە بەیاناەکانیدا تەئکیدی لەسەر رفراندەم وسەربەخەیی کردوەتەوە بە ڕەگا چارەی گونجاوی زانیوە بە کەتایی هەنان بە کەشەی قەومی لە کوردستانی عەراقدا.
ئەستا کە بەشەک لە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و لە زمانی مەسعود بەرزانیەوە چونەتە ژێر باری گەڵانەوە بە ڕئی خەک و بەرپا کردنی ڕفراندەم بە سەربەخەیی و جابوونەوە لە عەراق، خەکی کوردستان نابە ئەم فرسەتە لەدەست بدەن، لە ٢٥ ئەیلولدا کە وەک کاتی بەرپاکردنی ڕفراندەم دیاری کراوە بەشدرای جددی بکەن، نابە ڕێگە بدەن ناسیونالزمی کورد مامەڵە بە دەنگی ئەوانەوە بکات بە

سازش لەگەڵ بەغدا و دەوڵەتانی ناوچەکە. ئەمە بانگەوازی خەڵکی دەکەین دەنگ بدەن بە جیابوونەوە. پەمان وایە جیابوونەوەی کوردستان کۆشەی نەتەوایەتی چارەسەردەکات و زەمینەی گۆشەکردنی خەباتی چینایەتی خۆشتر دەکات بە دامەزراندنی دنیایەکی ئازاد و یەکسان و سۆشیالست، ئەو دارە لە دەستی بورژوازی کورد دەخاتە خوارە کە ئەم خەباتە بەلایدا ببات و ڕوو بەووی بەغدای بکاتەوە گەگۆ خۆش دەکات بە رزگار بوون لە دەسەاتی ناسۆنالیزمی کورد و حزبەکانی کە هەر ئێستا بوتە خواستەکی سەر زمانی هەموو خەڵک و جێ پێیان پێ لەق دەکات. پەویستە سەرنجامی رفراندەم بە جیابونەوە و بە دامەزراندنی دەوڵەتەکی سەربەخۆی سکیولاری غێرە قەومی و غێرە دینی کۆلەسەر بنەمای هاوەاتی بوونی یەکسان دابمەزرابێت کۆتایی بێت.

بە بەرپا کردنی ڕفراندەم و سەرکەوتنی پرسەی جیابوونەوە ئەم خاەانە بە گرنگترین هەنگاو دەزانین:
١- ڕفراندەم بە خەڵکی کوردستانە و پەویستە فرسەتی یەکسان بە هەموو هاوەاتیانی کوردستان فەراهەم بکرێ بە دەنگدان لە سەر جیابوونەوە یان مانەوە لە عەراقدا.
٢- ڕفراندەم دەبێ هەموو کوردسان بگرێتەوە بە هەموو ئەو شوەنانەی زەرایەتی دانشتوانکەی کورد زمانن، کە هەرئێستا لەرووی عەمەلیەوە لە ژێر دەسەاتی هەرەمی کوردستاندان. ئەگەر دواتر هەر ئیدعایەک چی لەلایەن حکومەتی عەراقەوە یان لەلایەن بەشەک لە خەڵکی ئەو شارانەوە بخرێتە ڕوو، پەویستە ڕفراندەم بە ئەوە بکرێت ئەو شارە دەیەوە لە چاورچیوەی کوردستان یان عەراق بێت.

٣- پەویستە ڕفراندەم سەرپەرشتی بکرێت لە لایەن ئورگانێ نێو دەوڵەتیەکانەوە وەک نەتەوە یەکگرتوەکان.هەروەها بوار بە دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانیەکان خۆش بکرێت ڕووماڵی ڕفراندەم بکەن.
٤- سەرنجامی ڕفراندەم هەرچیەک بێت دەبێ هەڵە سیاسیەکان و حزبەکان پابەندی جێ بەجێ کردنی بن، ئیرادەی خەڵک دەبێ بە ڕەسمی بناسرێت لەسەرووی هەموو ئیرادەیەکەوە بێت.
٥- بە دوای ڕفراندەمدا و بە بەدەست هێنانی دەنگی پەویست بە جیابوونەوە، دەبێ هەنگاوەکانی جیابوونەوە دەست پێ بکات و ئورگانی پەویستی بە دیاری بکرێت.
ئەمە هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بانگەواز دەکەین ڕفراندەم زۆر بە جدی بگرن و بە دەنگی بەڵی بە جیابوونەوە بەشداری هەمەلایەنە بکەن.

حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق
٢٢ حوزەیران ٢٠١٧